# پێشەكییەك كەدەتوانی نە یخوێنیتەوە

( (خوێننامە) ) وەك هەر كتێبێكی دی، ئاسایی نووسراو تایپكراو چاپكراو بلاوكرایەوە. بەلام وەك هەر كتێبێكی ئاسایی لەلای ئیسلامییەكان هەزم نەكراو چەندین بەیاننامە لەشارو شارۆچكەكای كوردستان لەدژی نووسران‌و لەماڵپەڕی (كوردستان نێت) یش بەشێوەیەكی راستەوخۆ هێرش كراوەتە سەر (ی. ن. ك و كاك مەلا بەختیار، بەرپرسی رێكخراوە دیموكراتییەكان) . بەناوی (لاوانی نەتەوەیی موسڵمانی كورد) ەوە چەند پەرەگرافێك نووسراوە. منیش وەك نووسەری كتێبەكە بەپێویستم زانی كەنامەیەكی كلاسیكییانە ئاراستەی ئەو برا موسڵمانە كلاسیكییانە بكەم.

## كتێبی ( ( خوێننامە ) ) من نووسیومەو

## پێویستە منداڵی بەربێشكەش بیخوێنێتەوە

zardashte@maktoob.com

هەر لەناو كتێبەكەدا ( ( **خوێننامە** ) ) و لەیەكێك لەسەرچاوەكانیدا نووسیومە: كاتی خۆی نووسەری بەڕێز (فوئادی مەجید میسری) كتێبی (كۆمەڵگا لەسایەی دەوڵەتی خەلافەتدا) ی نووسی، ئیسلامییەكان هێرشێكی توندیان كردە سەری‌و فتوای كوشتنیانداو پڕپاگەندەی ئەوەیان بۆ كرد گوایە لەبەر خاتری پەنابەری سیاسی ئەو كتێبەی نووسیوە. . !! لەو ساڵەوە، واتە لەسەرەتاكانی نەوەدەوە، هەتا ئێستاو ئێستاشی لەگەڵ بێت نەیانتوانی وەلامێكی زانستی‌و ئەكادیمی‌و لۆژیكی بدەنەوە، هەر بۆیە هێرشەكانیان بۆ نەچووەسەرو ئەو كتێبە بووە هۆی دەرخستنی خاڵێكی لاوازو ڕەش بەتەوێڵی ئیسلام‌و ئیسلامییەكانەوە.

بۆ ئەم كتێبەش ( ( **خوێننامە** ) ) هەمان سیناریۆ دووبارە بۆتەوە. . !! لەجیاتی ئەوەی وەلامێكی زانستی‌و ئەكادیمی‌و هیچ نەبێت لۆژیكی بدەنەوە، هاتوون هێرش دەكەنە سەر ئەم‌و ئەو، گوایە (ی. ن. ك) و كاك مەلا بەختیار لەپشت ئەو كتێبەوە وەستاون، بەهەموو ئەقڵی خۆیان بەم هێرشە هەناسە كورتانە، وەلامێك بەكتێبەكە دەدەنەوە. . !! ڕاستی مەسەلەكەش، لەبنەڕەتدا ئەوە نییە كەكێ نووسیوێتی‌و كێ لەپشتییەوە وەستاوە، بەڵكو باگراوندێكی‌دی هەیە.

ئیسلام، ئەوەندەی مومارەسەو پەیڕەوكردن‌و جێبەجێكردنی دیوێكی ڕەشی پشتەوەی دەقەكانی قورئان‌و سوننەیە، ئەوەندە پاراستنی ئەركە گشتییەكانی رواڵەتی دەرەوەی ئایینەكەو ئاكارو سروشتی پەرستن نییە. !! ئەگەر دیققەت بدەین وجودییەكان گوتویانە: (**خۆزگە *خوا* هەبوایە!. . هەرچی ئەوەی بەسەرماندا دێت ئەوەیە كە *خوا* نییە!!. . ئێستا، كەنییە، چی بكەین، خۆ بەزۆر درووستی ناكەین. . !!**) . لەگەڵ ئەم تێگەیشتنەیاندا زۆر بەروونی كار لەسەر ئەوە دەكەن ئەو بۆشاییینە پڕ بكەنەوە كە دەبوایە ***خوا*** بیكردایە.

با دیققەتیش لە ئیسلام بدەین، کە دەڵێت: (*خوا* هەیە، چەن و چوونی پێ ناوێ، هەیە و بڕایەوە، ئەوەتا لەودیو حەوت تەبەقەی ئاسمانەوە) . کەچی ئیسلامییەکان هیچیان بۆ *خوا* نەهێشتووەتەوە و وەك دەبینین و وەك رووناکی خۆر روون و ئاشکرایە *خوا* لەجیاتی ئەوەی لەئاسمان بێت، لەسەر زەوییە و لە جیاتی ئەو دونیا، هەر لەم دونیا قیامەتی هەڵساندووە. ! بۆ مومارەسەی ئەم خوایەتیەش خەلیفەکانی سەر زەوی پشت بە قورئان دەبەستن.

جیاوازی نێوان ئەم دووانە ئاسمان و رێسمانە. . !! ئەوە وجودییەکان هیچ. . بەڵام: قورئان کەپەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەپەیڕەوکردنی دەسەڵات و باڵاترین حوکمی ئەم زەمینەو یاسای ئەم دنیایەیەوە هەیە، لەسەر بنەمای جەنگ و چەوسانەوەی رەگەزی و سڕینەوەی کەلتوری نەتەوەکان و بەکۆیلەکردنی مرۆڤ پێکهاتووەو مەنهەجی خۆی وەك هەر پەیڕەوو پرۆگرامێکی حزب داڕشتووە، زیاتر لە (1400) ساڵە بەسەر کۆمەڵگا دواکەوتووەکانەوە بووەبە کەڵەگاو ناهێڵێ کۆمەڵ بەسانایی بڕوانێتە هۆکارە سەرەکییەکانی بنچینە داروخاوەکانی خۆی و پێشبینی بۆ داهاتووی خۆی بکات! قورئان، کەدەکاتە خوا، بەکەسی نەگوتووە بەکەسیش ناڵێت (ئاوا بژی و بۆ ئەمە بژی) بەڵکو پێی گوتووە (ئاوا بمرە و بۆ ئەوە بمرە)

قورئان، پەیوەندی بەقسەو گوتەو رەفتارو بیرکردنەوەو مومارەسەو بۆچوون و ئیجتیهادات و قیاس و ئیجماع و هەڕەشەو قسەلۆکەکانی خەلیفەو سەحابەو تابعین و والی و مەلاو فەقێ و ئیخوان ئەلموسلمین و ئوسامەو تالیبان و کرێکارو باپیرو شافعی و مالکی و حەنبەلی و حەنەفی و بۆرە تیرۆریستەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەخواو ئەو مێژووەوە هەیە کەدەریایەك خوێنی تێداڕژاوەو هەر ئەو نامەیەیە بۆ ئێمە ماوەتەوە کەبەو خوێنە نووسراوەتەوە! ئەوەی هەست بەم جیاوازییە ناکات، گەمژەیە. . ! گومڕەترو کارەساتی گورەتریش لەوەدایە شوێنکەوتەی ئیسلام درك بەم گەمژەییە نەکاو بەشوێن نووسەری (خوێننامە) دا بگەڕێ. . !! ئا ئەمەیە مەهزەلەی فکری بەشەرەکانی ئیسلام. . ! کارەساتتر لەوەش بۆ خودی ئیسلام و ئیسلامییەکان، لەجیاتی وەڵامدانەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی، هەر هیچ نەبێت لۆژیکی، قسە لەسەر کێیەتی نووسەرەکەی و تیرۆرکردنی ئەقڵ و قەڵەمەکەی دەکەن. . !! ئائەمەیە دۆڕاندن. . !

کتێبی (خوێننامە) پێویستە منداڵی بەربێشکەش بیخوێنێتەوە! ئەگەر زمانی تەیرو تیروم بزانیبا، وەرمدەگێڕاو ئەگەر پارەم هەبوایە بەملیۆنانم لێ چاپ دەکردو توانام هەبوایە وڵات بەوڵاتی قاڕەکانی دنیام بێبەش نەدەکردو ئەگەر بەهۆی ئیسلامەوە ترسم نەبوایەو تیرۆر نەکرامایە، رۆژانە کۆڕم لەسەر دەگرت، چونکە حەقیقەتی تەنها دوو لایەنی قورئان دەخاتە روو کەساڵهایە لەکاریگەری دەقەکانی ئەم قورئانە خوێن لەمرۆڤە ئازادیخوازەکان دەتکێت.

لەوەتەی مێژوو هەیە، ئاینی ئیسلام ئاینی بەرژەوەندییەکان، ئاینی جەنگاوەران، ئەو ئاینەی کەنان و بەهەشت لەژێر سێبەری شمشێرەکەیدایە، رۆژانە نان و ئاوو خەوو خۆراك و ئازادی و

مەدەنیەتو مێژووی خەڵتانی خوێن کردووەو بەدەیان و سەدانو هەزارانی تیرۆرکردووەو دەئەوەندەشی هەتیو کردووەو سەد ئەوەندەی ئامادەی ئەوە کردووە خۆیانو خەڵکی خەڵتانی خوێن بکەن، کەچی لەئاست کتێبێکی بەخوێن نووسراو بەناوی (**خوێننامە**) ملیان شۆڕەو تك تك ئارەقەی شەرمو درۆنامەکانیان لێئەتکێو نازانن چۆن ئەم برینەیان سارێژ بکەنو تەنها ئەوەیان لەخەیاڵە کەنووسەرەکەی بدۆزنەوەو تیرۆری بکەن.

کتێبی خوێننامە (من) نووسیومە (زەردەشتی) . . !! بەخوێنی هەموو ئەو شەهیدانە نووسراوە کەخوا تیرۆری کردوون. . فەخریشە بۆ کەسێکی وەك من بەدەستی خوا تیرۆر بکرێم چونکە:

**یەکەم: یەکەم کەسم لەمیللەتی کورددا بەو ئاراستەیە بنووسمو ئامانجی خۆمو هیوای هەزاران کەس بەدی بهێنم. . !**

**دووهەم: چەندێك سەحابەکان بەنیازنین بچنە دۆزەخ، منیش هەرئەوەندە بۆ بەهەشت.**

**سێهەم: بەخوێنی من خوێننامەیەکی دی دەنووسرێ.**

www.kurdistannet.org کوردستان نێت